KURDISH

# چۆنیەتی کارکردنی دەزگای تەندروستیی نیشتمانی: ڕێبەرێک بۆ کۆچبەران

Bevan
Inclusive Health and Wellbeing

DOCTORS OF THE WORLD

111

تۆ دەتوانی پەیوەندی بە خزمەتگوزاریی ٢٤ کاتژمێری هێڵی تەلەفۆنی
بەخۆرایی دەزگای تەندروستیی نیشتمانییەوە بکەیت لە ڕێگای پەیوەندیکردن
بە ١١١ بۆ دەستکەوتنی زانیاری و ئامۆژگاریی تەندروستی بێبەرامبەر. تۆ
دەتوانیت
داوای وەرگێڕ بۆ زمانی خۆت بکەیت بە وتنی "interpreter please"
("وەرگێڕ تکایە".)

## دەرمانخانە ← دەرمانە بنەڕەتییەکان

دەرمانسازەکان دەتوانن ئامۆژگاریی کلینیکی و دەرمان بۆ ژمارەیەک نەخۆشیی سادە پێشکەش
بکەن، وەکو کۆکە، سەرما، قورگ ئێشە، کێشە و ئێش و ئازاری گەدە. دەرمانساز پێت دەڵێت
ئاخۆ پێویستیت بە سەردانی پزیشک هەیە یاخود تۆ بۆ لای پسپۆڕی چاودێریی تەندروستیی تر
ئاڕاستە دەکات بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی تۆ ئەو یارمەتییەی پێویستتە وەری دەگری. تۆ هەروەها
دەتوانیت دەرمان بۆ نەخۆشی سووک یان پێداویستی یارمەتی سەرەتایی لە دەرمانخانە یان
سوپەرمارکێت بکڕیت؛ بۆ دۆزینەوەی نزیکترین دەرمانخانە، بڕۆ بۆ:
www.nhs.uk/service-search/pharmacy/find-a-pharmacy

## ددانساز و پزیشکانی چاو ← چاودێریی ددان و چاو

ددانساز بدۆزەوە www.nhs.uk/service-search/find-a-dentist
پزیشکی چاو بدۆزەوە www.nhs.uk/using-the-nhs/nhs-services/opticians/
ئەگەر ددانت ئازاری هەیە ئەوا پێویستە تەلەفۆن بۆ ١١١ بکەیت بۆ خزمەتگوزاریی چاودێریی کتوپڕی ددان

## نووسینگەی پزیشکی گشتی یان ناوەندی پزیشکی ← بەڕێوەبردنی پزیشکی، هەماهەنگی بۆ چاودێریی ماوەدرێژ و دەستگەیشتن بە پسپۆڕی نەخۆشخانە

یمپزیشکی گشتی دەتوانێت ئامۆژگاریی پزیشکی پێشکەش بکات، دەستنیشانکردن دابین بکات و
دەرمان بنووسێت.
ئەوان دەکرێ یەکەم خاڵی پەیوەندی تۆ بن بۆ زۆر نیگەرانی تەندروستی جەستەیی و دەروونی. نووسینگەی
پزیشکی گشتی هەروەها بەرپرسە لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی چاودێریی تەندروستی ماوەدرێژی تۆ و
ئەگەر پێویستیت بە خزمەتگوزاریی نەخۆشخانەی تایبەتمەند هەبێت ئەوا دەتوانن تۆ ڕەوانە بکەن. باشتر
وایە لای نووسینگەی پزیشکی گشتی خۆت تۆمار بکەیت بۆ دەستکەوتنی پێداویستییە تەندروستییە
بەردەوامەکانت.
www.nhs.uk/nhs-services/gps/how-to-register-with-a-gp-surgery/

## خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی کۆمەڵگا ← سکپڕی، تەندروستیی منداڵ، خزمەتگوزارییەکانی دژەسکپڕی

هەندێک خزمەتگوزاریی تەندروستی لە کۆمەڵگا بەردەستن، بەڵام لە نەخۆشخانەکان نا. ئەمانە لەخۆ
دەگرێت تەندروستیی دەروونی، تەندروستیی منداڵ و خزمەتگوزارییەکانی کاتی سکپڕی و
تەندروستیی سێکسی و کلینیکەکانی پلاندانانی خێزان.

## ناوەندەکانی چارەسەری بێ مەوعید یان کتوپڕ ← زامی سووک یان ئامۆژگاریی پزیشکیی کتوپڕ

ئەگەر پێویستیت بە چاودێریی پزیشکیی کتوپڕ هەبێت بۆ زامی سووک وەک برین، سوتان و شکانی
بچووک، یان ئامۆژگاریی پزیشکی بەپەلە، ئەوا دەتوانی ڕاستەوخۆ بچیت بۆ ناوەندی چاودێریی بێ
مەوعید یان کتوپڕ بەبێ مەوعید دانان. ئەم ناوەندانە عادەتەن ماوەی کاتی ڕۆژدا کراوەن.

## خزمەتگوزارییەکانی فریاگوزاری ← فریاگوزاریی پزیشکی یان بارودۆخی هەڕەشەئامێز بۆ ژیان

999

اپەیوەندی بە ٩٩٩ بکە ئەگەر کەسێک بە سەختی نەخۆش یان بریندارە و ژیانی لە مەترسیدایە. ڕێکخەری
تەلەفۆنەکە ئامۆژگاریت دەکات کە دوای ئەوە چی بکەیت یان بۆ کوێ بچیت. ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری
دەکرێ بنێردرێت بۆ پێدانی چارەسەر یان گواستنەوەی نەخۆشەکە بۆ نەخۆشخانە. بەشەکانی ڕووداو و
بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێری هەر ڕۆژێکی ساڵ کراوەن. تۆ دەتوانیت دەستت (A&E) فریاگوزاریی نەخۆشخانە
.بەو خزمەتگوزارییانە بگات ڕاستەوخۆ و بەبێ مەوعید
www.nhs.uk/nhs-services/urgent-and-emergency-care-services/when-to-call-999/

## تەندروستیی دەروونی کتوپڕ ← بیرکردنەوەکانی خۆکوشتن یان خۆ ئازاردانی سەخت

ئەگەر تۆ بەجددی ئازاری خۆت داوە یان نزیکە ئەمە بکەیت، ئەوا پەیوەندی بە ٩٩٩ بکە بۆ ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری یان ڕاستەوخۆ
بڕۆ بۆ بەشی ڕووداو و فریاگوزاری. ئەگەر تۆ بیر لە خۆکوشتن دەکەیتەوە، ئەوا قسە لەگەڵ کەسێک لە Samaritans بکە لەڕێگای
تەلەفۆن کردن بۆ ١١٦١٢٣.

# مافەکانت بۆ چاودێریی تەندروستی: ڕێبەرێک بۆ کۆچبەران

## هەمووان مافی خۆتۆمارکردنیان لای پزیشکی گشتی (GP) هەیە




تۆ پێویستیت بە بەڵگەی ناونیشان، دۆخی کۆچبەری، پێناس یان ژمارەی دەزگای تەندروستیی نیشتمانی نییە.
نزیکترین نووسینگەی پزیشکی گشتی بدۆزەوە یان لە سەرهێڵ خۆت تۆمار بکە.
www.nhs.uk/nhs-services/gps/how-to-register-with-a-gp-surgery/



ئەگەر کێشەی تۆمارکردنت لای پزیشکی گشتی هەبوو ئەوا دەتوانی:

- کارتی دەستگەیشتن بە پزیشکی گشتی دابەزێنیت و نیشانی کارمەندی پرسگەی پزیشکی گشتی بدەیت.
www.doctorsoftheworld.org.uk/gp-access-cards/
- تەلەفۆن بۆ دەزگای تەندروستی نیشتمانی ئینگلتەرا بکەیت بۆ ژمارە (٠٣٠٠٣١١٢٢٣٣) یان پزیشکانی جیهان (Doctors of the World) بۆ ژمارە (٠٨٠٨١٦٤٧٦٨٦) بۆ یارمەتی.


## ئەم خزمەتگوزارییە تەندروستیانە بۆ هەمووان بێبەرامبەرن




- ئامۆژگاری و چارەسەریی پزیشکی گشتی
- ئەو خزمەتگوزارییانەی کە وەک بەشێک لە هێڵی ئامۆژگاریی تەلەفۆنی ١١١ ی دەزگای تەندروستیی نیشتمانی دابین دەکرێن
- خزمەتگوزارییەکانی ڕووداو و فریاگوزاری لە بەشەکانی ڕووداو و فریاگوزاری دابین دەکرێن، ناوەندی گشتیی بێ مەوعید، یەکەی زامی سووک یان ناوەندی چاودێریی کتوپڕ
- دەس‌تنیشانکردن و چارەسەری هەندێک نەخۆشی گوازراوەی درم و سێکسیەکان
- خزمەتگوزارییەکانی دەزگای تەندروستیی نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی کۆڤید-١٩، دەستنیشانکردن، چارەسەر و کوتان.
- خزمەتگوزارییەکانی پلانی خێزانی (دژەسکپڕی)
- چارەسەر بۆ بارودۆخی جەستەیی یان دەروونی تووشبوو بەهۆی ئەشکەنجەدان، خەتەنەکردنی مێینە، توندوتیژیی خێزانی یان توندوتیژی سێکسی




## خزمەتگوزارییە تەندروستییە تایبەتمەندەکان هەروەها بێبەرامبەرن بۆ:



- **پەنابەران**
- **پەناخوازان**
- **قوربانی یان قوربانیی گومانلێکراوی بەکۆیلەکردنی سەردەم**
- **پشتبەستووان بە کەسانی تر بۆ ژیان**

ئەو کەسانەی کە داواکارییەکەیان بۆ پەنابەرێتی ڕەت کراوەتەوە هێشتا دەستیان دەگات بە خزمەتگوزارییە بەخۆڕاییەکانی دەزگای تەندروستیی نیشتمانی. سەیربکە ئاخۆ تۆ شایەنی چاودێریی تەندروستیی بێبەرامبەریت.
www.gov.uk/guidance/nhs-entitlements-migrant-health-guide

دەرمانەکانی ڕەچەتە، چاودێریی ددان و چاو بەگشتی بێبەرامبەر نین لە ئینگلتەرا بەڵام ئەو پەناخوازانەی کە لەڕووی داراییەوە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە پاڵپشتی دەکرێن ئەوا بڕوانامەی HC2یان پێ دەدرێت بۆ دەستکەوتنی یارمەتی تەواو بۆ ئەم تێچووە تەندروستییانە. هەرکەسێک دەتوانێت داواکاری بۆ ئەم پاڵپشتییە پێشکەش بکات، ئامۆژگاریی زیاتر ببینە لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری.
www.gov.uk/guidance/nhs-entitlements-migrant-health-guide

بە هاوبەشی لەگەڵ

UK Health Security Agency

MAYOR OF LONDON

NHS

March 2022